پێکەرەکانی دایدایەس.. ئەباز محەمەدجەزا

زۆر جار بەچوون گەلێك دەبنە بەگەنوویست کە گومان و پرسیارودووددی ناهەنەو بگفتگۆو دیالۆگی لەسەر خۆو هەمن، ئەمش دەردی ئەو کەمەگایانەیە کە سەرتایین یان دواکەوتوون و نابنە جگەی بایخیان ،لەبەرئەوەی حەز بە بیرکردنەوەناکەن یان لەبەرئەوەی بە فەزیلەتن و نەریتی بیرکردنەویان نییە، جار هەیە مرۆف دگاتە ئەو باوەڕەی کە هەرچی کردووەو نەیکردووە یا خود دیاردەیەت بیکات جگەلە ستەك هەڵەو خراپە هیچی ترنین کە بەباوەڕی من ئەم تگەیشتنە هەڵهایە پێویستە بەو چەمکە فەلسەفیەی کە بە چاخی کلاسیکدا پێیان ووتووە (فەزیلەت) بنمونە (سوکرات) دیالۆگکی هەیە بە ناوی (مینۆن) لەوێدا دەڵێیت: " ... فەزیلەت نەبەشکە لەسروشتی ئەمەو نە قابیلی فێربونە، بەڵکو تەنیا سروش و ئیلهامکی خودایەو بەبێ بوونی زانین بەوکەسەدگات، ئگەروانەبوایە، ئەواسیاستمەدارك دەیتوانی کەسانی تریش وەکو خۆی بکات بە سیاستمەدار ".

لەبەرئەوەی فەزای گشتی ئەمە چالاکی نەبووەو نییە کە پێویست بێت بە فەزیلەتەوە یان گەر هەبووبێت کەم بووەو هەر زوو خەفە کراوە، ئەوا ئەم جۆرە کەمەگایانە نەپهیامبەرو نە سروش دەر یان نەبووەو نییە تەنیا حیکایەت و داستانیان هەبووە و چاوەروانیش ناکرێت حیکایەتخوانێك بێت و دەستمان بگرێت و ببێتە فریاد ڕەسمان!! ئەوەی لەڕەدا مەبەستمە و دروست بۆئەڕە گونجاوە لەبەرئەوەی ئەم نەریتانە لە کەمەگای بە پرەنسیپ و دواکەوتووەدا هەیە و بیرکردنەوە بەرهەم ناهێنێت، دەبێت باوەڕ بە ئەفسانەکان بکەین گەر ئەو دەرفەتە شمان لەدەست نەدابێت !!! ئەوەی لە ناونیشانی ئەم نووسینە دا دەیخوێننەوە مەبەستم (ئەفسانەی پێکەرەکانی دایدایەس)ی گریکیە کە یەکێك بووە لە پێکەرتاشە داهێنەرو دەست ڕەنگین و دیارەکان لە وڵاتەدا . کاتێك (سوکرات و مینۆن)، دەبێتە مشت و مۆیان لەسەر چەمکی(فەزیلەت)، سوکرات ناچار دەبێت پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە ئەرگومێنتە کە دەڵێت:

- سوکرات: ئەوە تە دەڵێیت سەرنجی پێکەرەکانی (دایدایەس) ت، نەداوە، یان ڕەنگە ئەو پێکەرانە لەشارەکانی ئەوەدانەبن ؟

مینەن: مەبەستت چییە؟ + سوکرات: مەبەستم ئەوەیە، ئەو پەیکەرانە، ئەگەر نەسترێنەوە ئەوا هەڵدەن و وندەبن، بەڵام ئەگەر بەسترانەوە ئیتر وون نابن و هەڵنایەن .
ئیستا لە و نمایشە پە توانایەی سوکرات وورد نابینەوە، بەڵکو ئەوەی مەبەستی منە کاتێك (دیالۆگی فەلسەفی پوخت) ناتوانێت بژی و لەوە زیاتر ناتوانین بچینە پشتەوە بە تەواوی ئاکتەکانی ژیانی مرۆیی و ئەدەبی هونەری و سیاسیمان چ هیوایەکمان دەمێنێت؟! بەناچاری دەبێت بیاخ بەمجۆرە دیالۆگانە بدەین، هەروەکو (هەمیرس) دەربارەی کەسایەتی (ترسیاس) دەڵێت: " تاکو زیندوو بوو، لەنەوان مرددواندا، توانای تێگەیشتنی هەبوو، کەچی ئەوانی تر تەنیا درەو سەبەر بوون " .ئەوەی دروستی ئەرگومێنتەکەدەسەلمێنێت ؛ دووانەی (ئەفسانە – پەیکەر) دەتوانن پەکەوە بیری فەلسەفی بەرهەم بهێنن، ئەمەش دەسەاتی ئەدەب و هونەرە لەدروستکردنی نەریتی بیرکردنەوەدا .

ڕۆرەسمی ناساندنی کتێبی چەپکێک لە مەژوویی ڕۆژنامەگەری کوردی

یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی ڕۆرەسمی ناساندنی کتێبی چەپکێک لە مەژوویی ڕۆژنامەگەری کوردی بە نووسەر یوسف مەنتک.. لە هۆڵی شەهید خەشناو..
٩ی ئازار ٢٠٢٤.. کاتژمێر ٤ی ئێوارە.



گفتوگۆ لەگەڵ خاتونی شۆکار (ژان عومەر مەولود دەروێش).. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

ژان عومەر: لەکوردستان ئاستی خانمانی شۆکار زۆر بەباشی دەبینم

ژان عومەر: بەداخەوە وانەی پەروەردەی هونەری لەنێو قوتابخانەکان وەك پێوست گرنگی پێنادرێت

خاتوونی شۆکار (**ژان عومەر مەولود دەروێش**)، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە خاوەن بەهرەیەکی جوانی تابلۆکێشانی سەرتای ئاشنا بوونی بە هونەری شۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1993 لەو کاتەی دەچێتە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بەشێوەیەکی

ئەکادیمی لەبەشی شۆفێرکاری دەست بەخوێندن دەکات لەدوایش دەچێتە پەیمانگای گشتیدان بەوانامەی بەکالۆریس وەردەگرێت.. کاتێ قوتابی دەبێت بەشداری سەرجەم فیستیفاڵەکانی پەیمانگا دەکات، لەدوای ئەوەی پەیمانگا تەواو دەکات بەشداری چەندین پێشانگا دەکات تائێستا بەشداری لە (23) پێشانگای هاوبەشی کردووە لە هەمان کات دا خاوەنی دوو پێشانگای تایبەتە..ئێمە بەباشمان زانی لەنزیکەوە بەسەری بکەینەوە ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

***وەکو شۆفێرکارێك ئاستی خانمانی شۆفێرانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لەکوردستان ئاستی خانمانی شۆفێر زۆر بەباشی دەبینم خاوەن توانستێکی زۆر باشن لە پێشانگاکان بەشداری کارایان هەیە، بەڵام بە ئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بچن پێویستە زیاتر پاڵپشتی بکرێن زیاتر هانبدرێن بۆئەوەی لە کارە هونەرییەکانیان بەردەوام بن.

***تابلۆکانت زیاتر لە کامە قوتابخانەی شۆفێری نزیکن؟**

- هەرچەندە زۆربەی تابلۆکانم زیاتر خەی لە قوتابخانەی ریالیستی نزیکن ، بەڵام هەندە جاریش تابلۆکانم لە قوتابخانەکانی ئەبستراکت و خەیاڵ نزیکدەبنەوە بەڵام زۆرجار بەقوتابخانەی ریالیستی دەکەم.

***وەکو شۆفێرێك بینەری پیشانگاکان لەچ ئاستێك دایە؟**

- ئەگەر ئاوەڵك لە رابردوو بدەینەوە هەمیشە بینەری پێشانگان لە ئاستی خۆزوو ئارەزووی شۆفێران دا نەبووە ، بەڵام لە ئێستادا بینەری پێشانگاکان تا رادەیەك بەرەو باشی دەچێت، بەتایبەتی رۆژی یەکەمی کردنەوەی پێشانگا، بەڵام ڕۆژەکانی تر کەمتر دەبینم هیوادارم بینەران زیاتر ئامادەی پێشانگاکان بن.

***وەکو مامۆستایەك وانەی پەروەردەی هونەری لە نێو قوتابخانەکان تاچەند گرنگی پێدەردەت؟**

- بەداخەوە وانەی پەروەردەی هونەری لەنێو قوتابخانەکان وەك پێوست گرنگی پێنادرێت دەبێت ،لەلایەن کارگێری قوتابخانە بایەخی زیاترپێبدرێت چونکە زۆربەی مامۆستایانی پەروەردەی هونەر زۆر ماندون و چالاکی سانایان زۆرە بەشداری هەموو چالاکییەکانی نێو قوتابخانەو دەرەوەی قوتابخانە دەکەن

مامەستایان گلەیی و گازندە دەکەن کە هەندێك لە بەرهەمکان پشگیریان ناکەن تا ئەوە ئادییەی وانەکە بە وانەیەکی لاوەکی سەیر دەکەن لەو کاتەی لایەن قوتابیان وانەی پەروەردەی هونەری حەزوو ئارەزوویەکی زۆریان لەسەرە. خاڵکی تریش ئەوەیە کە زۆرێك لە قوتابخانەکان ژووری هونەریان (نیگارگا) یان نیە هەروەها زۆربەی وانەکانی پەروەردەی هونەری لەخشتەی وانەکان لە کۆتایی وانەکان دادەنرێت زۆر جاریش مامەستای هونەر داوای لێدەکرێت بابەتکانی تر وەکو بیرکاری و عەرەبی.. بیانوو ئەمش دەبێتە هەی ئەوەی مامەستا هونەر لە وانەکەی بەزار بێت لەپسپۆریەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، هیواداری بەلەمەودوا زیاتر گرنگی بەوانەی هونەری بدرێت.

***چۆن دەتوانیتە ڕەخنە و ڕەخنەگری شەوکار؟**

- بوونی ڕەخنە دەبێتە هەی پێشڤەچوونی هونەر من تا ڕادەیەك باش دەبینم بە تایبەت لە پێشنگاکان ئەگەر ڕەخنەگر هەبێت بەڵام ڕەخنەی بنیادنەر بێت نەك ڕەخنەگری ڕەخنەر بێت ،زۆرێك لە ڕەخنەگرەکانمان بەشێوەیەکی پڕڕەفشناوە ڕەخنە دەگرن لەخزمەت کارە هونەرییەکانی هونەرمەندان دان بەیە دەست خۆشیان لێدەکەم.

***ئەمە لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی بۆ ئەمێت بەخشی.**

-منیش زۆر سوپاسی ئەوە دەکەم..

دیـــوانـ شیعـــرییـکـی ناســـری

حیسامی هات و زەر هاتە..!!..
غازی حەسەن

بەسوپاسەوە لەبنی دونیایە بەپشتی ئینتەرنێت و بەپێی خەرای پێویندیکردنەوە کاک (ناسری حیسامی) دیوانە شیعرییە جوانەکەی خۆی بەدیاری بە ناردم. نازانم لەبەر زمانە شیرنەکەیەتی، یان هەستە جوانە ئاوریشمییەکانی ئاوا خەرا خوێندمەوە. دیوانەکەم بە هات، کە سەیرم کرد و خوێندمەوە پێشکیێک بە گەانوەیەکی ناسک و پە هەست و مانا، کەشوهەوای دەقە شیعرییەکانیان لە وەسفی جوانی و شاخ و باران و بەفر و دار و ڕەنگی پایز و وەرین، وەرینی هەموو شتێکی پە ئاشنا کردم. ئەو هەموو وشەیەکی شاعیرانە بەکارهێناوە. هەستی شاعیرانەی کورد لەوەسفی جوانی گەلای دارە وەریوکانی پاییز زەر لەیەک دەجن، بەڵام هەستە و وشە و هێناسەکانیان جیاوازە. وەناکردنی ژیان و دەنگی با و چرپەی بن دار و نەرمە پەنجەی نەو سینەی کچانی سەبەری دیواران و کانی ژنان و دووکەڵی ئاگری کوژاوەی بەردەم سەرمای ترس و بەنی جگارە، ئاوە خوێنی کوردانەی تێکەشان جیاوازە.
لەم دیوانەدا خۆشویستی و بوون و بیرکردنەوەی خودی شاعیر و کارەکتەر و شت و کەلوپەلانێکی نەو دەقەکەش بەنی نیشتمانیان لە دەت، بەڵام بەنێکی جیاواز لە بەنی نیشتمانی نەو شیعری شاعیرانی دیکە.
ئەو لە نەو خەزانێک گەورە بووە، کە شیعر و ئەدەب (پێخەف و نان و ئایندەیان) بووە، ئەو لە خەزانێک پێگەیووە، لە بیرکردنەوە جیاواز بوون، بەڵام هیچ ڕەگێک لەنەو دەقە شیعرییەکاندا نابینرێت. ئەو مام هەدی وێکو باوک و شاعیر دەناسەت، ئەو هەمن بە وشە و ئاواز و هەست و ەستە پە واتاکانی دەناسەت.
خەزیا بە دەنگی خەی ئەم شیعرانەم تام دەکرد، چونکە ئەو لە وەرگەران و خوێندنەوەی دەقی شیعریدا وزە بە دەق دەبەخشەت.
ئەویش وێکو (هەمن دەیەوەت تەی شیعر و وشکی وەاتی بکاتە ەووباری بیرکردنەوە).
شاعیر دەەت:

بەهار دامانی پە سەوزە و گوڵی ورد
لەگەڵ هاوین هەتا ەەزبەر سەمای کرد
کە پاییز هاتە سەرچەپی بە شایی
نەسووەاوە کە با دەسرکەکەی برد

یان دەڵێت:
کە ئەو بەدەنگ دەبە، من دەیدوێنم
دەڵێم، ئەو چەشنی سەبەر دەتە شوێنم
تەڕەی هەڵانەکەی خەم بووم و ئێستاش
وەکوو قومری بەرەو گەرمەن دەخوێنم

مرۆڤ، کە شیعرەکان دەخوێنێتەوە حەز دەکات ببێتە بەشێک لە خودی شیعرەکان، ئەمەش دەسکەاتێ و هەزی خودی شاعیر و نەخشێنراویی و جوانیی و تەوپەی وشەکان دەگەیەنێت.
گەانەوە بەرەو سادەیی یەکەکی دیکە لەو گەانە فیکریانەی شاعیر خەونی پەوە دەبینێت و لەهەمان گاقیشدا چاوەوانییەکەشی سنووری نەماوە، هەندێک دیانەوێت بەرەو کەشک و لەزەت و پەگەی بەهەز بگەنەوە کەچی (ناسری حیسامی) پەم وایە وەکو خودان فکرەکی چەپخوازیی دادپەروەرانەی داکەکیکار لە هەژاران، ئەو بەرەو سادەیی دەگەڕێتەوە و دەڵێت:
چاوەوانی من زەر نییە
بەر سەبەری دارەبییەک
کەخەک و بەرهەیوانێک و
ئاگردانێک،
دەنگی خەش،
دووچاوی ەوون،
نیشتمانێک!
لەم دەقە بەمان ساخ دەبێتەوە، کە شاعیر ناتوانێت چی دیکە چاوەوان بێت، بەڵام بۆچی؟ نیشتمانێک و چاوی ەوون و دەنگی خەش وەکو سەکوچکەی خواستە مرۆییەکان پێناسە دەکرێت، لە کۆ، بەڵێ ئەو چ شوێنێک بە ئەم سەکوچکەیە لە مەک و دەروونی خەیدا بینا دەکات، بەگومان لە (سەبەری دارەبێک و کەخەک و هەیوانێک و ئاگردانێک). ئەم وێنە سینەمایییە شیعرییە جارێکی دیکە وەکو خوێنەر لەنەو مەشکی خەتدا وێنا بکەوە، هەست بەچ جوانییەک، ئارامییەک، خەشییەک و سادەییەک و شوێنێک لەنەو نیشتمان دەکەیت؟. ئەو دەیەوێت بگەڕێتەوە نەو جیهانێکی سادە (نیشتمان) ئەو پەیوەندییە خراپ و چەوسێنەر و نایەکسانەی تێدا نەبێت، کە ەنگە هەندکمان پەمان خەش و ئارام بەخش بێت.
ئەو لەبارەی زمان و قەدەغەکردنی زمانەکەی دەبێژێت:
هەمووی بە زمانی خەی دەدوێ و دەخوێنێ
ئەدی بۆچی زمانی من دەبەستن؟
ئەو بابەتە گرنگەکەی لەشوەی پرسیار هەشتەتە، بەڵام پرسیارەکە

هەوا و زانیارمان پێ دەبەخشێت، کە زمانی ئەو کاتەگۆپێدراو نییە. لە نێو شیعرەکاندا کێشکەی (گەران) و (هەمەن)انەم هاتە نێو هەستەوە، بەڵام ئەو وەکو ئەوان ناپێیقێت بە نموونە کە دەڵێت:

مرۆڤی سەرزەوی کاتێک کە شادن،
کە غەمبارن، کە هوشیارن، کە هەستن

ئەم هەندێک بڕەو دونیای هەمنی شاعیر دەمانگەڕێنێتەوە، هەروەها لە باسی پاییزدا هەناسەیەکی وەسفی ژینگە و جوانی و مانا و گوزارشتی گەران هەست پێ دەکەم، بەڵام شاعیر جیاواز لەوان شیعر دەنووسێت و دەڵێت:

جەخار ئێستا چڕی بژوێنی تێ نیم
ئەمن ئێستا گەلای پاییزە ناوم

هەندێک جارێک وەسفی بە ئومێدیی و وەسفی هەوڕین، وەکو (هەستکردن بە ئازار و ناخۆشیی و کێشکان)دێت، نێک (خۆراگرتن بە ئازارەکان). ئەو لەنێو شیعری هەوڕیندا (پایز دەوری داوە) و (چاویشی لێدێ)، (ەای دڵگیرانێت کە کاتگاکان هاوکاریان نەکردووە، دەکرێت کاتگا فکر و کێبەرکێ و سیاسەت و هتد.. تاد) بێت. ئەو (زەرد بووە، لەپەنجەی خۆیدا ژاوە) و (پاش وەرینی دەبێتە دراوسێی خاکی خۆی) لەبیری ناچێت ئەو (حیکاتخوانی فەنکایی خونەوکانی خۆیتی). لەم دەڕەدا شاعیر هەموو ئەو شتانەی پێشتر دەیان بژارت هەڵدەگرێتەوە، کە ئەو هەشتا (خودان وزە و توانا و هەستێکی کاریگەر، بەڵێ حەکایەتخوانی دەکات و لەوێدا باسی (فەنکایی خوناو) دەکات.

خوێندنەوە و حەز دەکەم جارێکی دیکە و جارێکی دیکەش بیخوێنمەوە، دەزانم لەهەر جارێکی خوێندنەوەکاندا بیرکەیەکی نوێ و وێناکردن و هەستێکی نوێم لادروست دەبێت، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوەیە (فەینی دوور) کە هات، زەر هاتە، پڕ لە مانا و وێنەی خەیاڵی و هەقیقی و جوان، پڕ لەئازار و مەینەتی و فەنکایی و سەبەر و ئاگردان و نیشتمان.

ئەڕاپەڕین ئەندازیاری

هەبوو؟.. عەلی مەحمود

ئەگەر باسی راپەڕینی 5ی ئاداری 1991 بکەین, ناتوانین باسکە دەربازبکەین بۆ ئەوەی بچینەوە سەر جەنگی کەنداوی دوو و راپەڕینی باشووری عێراق کە ئیسلامی سیاسی شیعە ناوزەدیان کردووە بە راپەڕینی شەعبانییە, چونکە پانۆرامایەکی هەمە لایەنە نەخەینە بەردەست, وا دەبینرێت کەسێك هاتووە لە کوردستان راپەڕینی ئەنجامداوە و کشکە زستانییەکانی قەیسەرکانی یەك لە دوای یەك گرتووە, بەیە کە باسی راپەڕین دەکەین دەبێت روداوەکانی ئەو 7 مانگ و سیچ رۆژە بە وردی بخوێنینەوە.
دەشێت کەسێك, فەرماندەیەککی پلە یەك یان خوارتر دوای دەستپێکی راپەڕین لە عێراق بۆ 5 رۆژ لە کوردستان نەخشەی گرتنی شارو شارۆچکە و مەخفەری پۆلیس و ڕێبایەك و دەزگایەك و خەپیشاندانکی دارشتبێت, وەلە روداوەکان پەمان دەڕێن راپەڕین و کێشەو محاڕەو بارودۆخی زاتی نەك مەوزوعی هەنابیانیەتە پێشەوە, بەڵکە کارە زاتییەکان دوای روداوە مەوزوعییەکان کە گرتنی کوێت و لێدانی عێراقە خولقاندویەتی.

پانۆرامای شەڕی دووەمی کەنداو"کوێت"
سوپای عێراق رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2-8-1990 کوێتی داگیر کرد, هەواڵەکە جیهانی تاساند, سەرشتییەك لە لایەن سەدام حوسێنەوە ئەنجامدرا دوور لە پێشبینییەکان. بڕیاری لە 7ی ئایار دوای تێپەڕبوونی تاوانی هەڵەبجەو 4 پرسەی ئەنفال پەك هاتبوو. کاردانەوەی بەعس لە هەڵەبجەو ئەنفالدا چاوترسێنیانی کردبوو, بەیە دەترسان وەك پێشوو هەڵەکە بقەزنەوە, خەنجەر لە پشتەوە تەمیانی کردبوو, هەر زوو ئاماژەی سپییان هەڵچکرد لە بڕامبەر سەدام و تەقەیان ڕاگرتز, لە 12ی ئەگستی هەمان مانگ واتا 10 رۆژ دوای داگیرکردنی کوێت بەیاری ئاگر بەستی دا بڕامبەر عێراق" شیوعی و پارتی گەل دژی بوون, پاسکیش بەشداری نەکردبوو", هاوزەمان لە هەمان کاتیشدا کەماری ئیسلامی ئێران بەشکیانی لە شاری کرماشان کە کردبوونە بە ئەگەرکانی روداوەکانی شەڕ و پێشهاتکانی, بەیە بەشەك لە نوێنەرکانی بڕە لەو کبونەوەیەی بڕە بەشداری ناکەن, دەچنە کرماشان, ئەم کبوونەوانە تا راپەڕین لە ژێر سەرپەرشتی ئاغای محەمەد سەرکردەی قەرارگای نەسر بەردەوام دەبێت.
لە کاتکدا جیهان بڕەو روی داگیرکاری کوێت لە لایەن عێراقەوە ببوونە بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە, بە یەکەمجار قیتۆی بە پشتیوانی لە

عێراق بەکار نەهێنا. لە ڕێکەوتی 7-8 ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی درعی سەحرای ڕاگەیاند, لە 15ی ئۆکتۆبەری 1990 عێراق بەیاری دا نەکشتووە لە کوەیت, بە دوایدا هاوپەیمانی جیهانی ئۆپەراسیۆنی عاسفە سحرا ڕاگەیاند"ئۆپەراسیۆنی رزگاری کوەیت", کە لە ڕێکەوتی 17ی یەنایەرەوە بە 28ی فبرایەر بە ماوەی 42 ڕۆژ بەردەوام بوو. ئۆپەراسیۆنەکە پێك هاتبوو لە هاوپەیمانی سوپای 34 وڵات و بە بەشداری 966344 سەرباز.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 17ی جێنیوەریەوە فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان سەرتاپای عێراقیان بەردومان کرد, بە بەشداری 2430 فڕۆکەی پشکەوتووی نوە, هاوپەیمانان لە ماوەی چل و دوو ڕۆژدا109867 جار بەردومانی ناو عێراقیان کرد, بەڕۆژی 2555 جار لە ڕۆژەکدا, ڕۆژانە 60624 تەن بارودیان بەسەر خەڵك و سەربازگاکانی عێراقدا دەبارااند, عێراقیان غەرقی دوکەڵ و ئاگرو خوێن و مەرگ و وێرانێ کرد, شوێنەوارێ تەندروستی و ژینگەیەکانی ئاو جەنگێ تا هەنووکە ماوە, تەنها لە جارەکدا لە پەناگەی عامریە لە شاری بەغدا ئەسك و پروسکی 315 ژن و منداڵیان هاڵی و تاوانی جەنگیان ئەنجامدا. هاوکات ئەمریکا بە ڕێکەتی دور هاوێژی کرۆز و بەمبی هیشێیی و بەمبی زیرەك و چەکی لیزەری پشکەوتوو تا دەگاتە یەرانیەمی چاککراو لە عێراقی دەدا, 288 تەماهەکی لە دەریای سورەوە بە عێراقەوە نا, عێراقیش 86 سکودی نا بە ئیسرائیل و سعودیەوە. بە گشتی لە دوای جەنگی کەریاوە شڕی کوەیت گەورەترین جەنگ بوو لە جیهاندا لە ماوەی چوار دەیەدا. لە بەرامبەردا سەدام حوسێن لە هەمان ڕۆژی ڕاگەیاندنی عاسیفە سەحرا, ئوم ئەلمەعارکی ڕاگەیاند کە لای عێراقیەکان بە ئوم هەزائم بەناو بانگ بوو.

لەسەر داوای یەکەتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی 22ی شوبات, عێراق ڕازی بوو هێزەکانی لە ماوەی 24 کاتژمێردا لە کوەیت بکشێنتەوە, لە ڕێکەوتی 24 ی مانگ هاوپەیمانان هاتنە ناو کوەیتەوە, 26 مانگ لە هێزەکانی عێراقیان دا کە لە حاڵەتی پاشکشەدا بوو, لە ئێنجامدا لە ماوەی چەند کاژێرەکدا 70 بە 100 هەزار سەربازی عێراقی کوژرا, بە یەکەك لە گەورەترین تاوانەکانی مێژوو تەمارکرا, هێروهها سوپای عێراق زیاتر لە 30 هەزار دیلی دا, لە گەڵ تەکشکانی4000 تانك, 3100 تەپ, 1856 ئۆتۆمبیلی سەرباز گواستنەوە. ئەوشمان لە یاد نەچێت لە 23ی یەنایەر لە کەی 750 فرۆکەی جەنگی عێراق تەنها 122 فرۆکەی بە ساغی مابوو, ئەویشی تەسلیم ئێران کرد. لە کاتەکدا لە ماوەی 8 ساڵەی شڕی ئێران – عێراق هێزی ئاسمانی عێراقی جوڵەی لە هێزی ئاسمانی ئێرانی بەیبوو, هەمان ئەو فڕۆکانە تاوانیان ئەنجام دەدا, ئێستا لەسەر سینی زێڕین پێشکەش ئێران دەکرێت.

دوای ئەو تەکشکانە سوپای عێراق لە سوپایەکی ملهوڕی شکستنگزەوە لە 4-3-1991 بووە سوپایەکی تەسلیم بووی ملکەچ لەناو خەمڵی سەفوان, وێنای ئەو ڕۆژانە لە جەنگی جیهانیشدا نەبووە, ڕیزی دیلەکان و تەرمی قەراغ ڕێگاو بانەکان و تارمایی ئامرە تەکشکاوەکان لەناو چۆڵە دوکەڵی بیابانە پان و بەرین شاشی تەلەفزیۆنکانی لە جیهان داگیر کرد.
لە 26ی شوبات لە گۆڕ کشانەوەدا, عێراق ئاگری لە بیرە نەوتەکان کوێیت بەردا, ملیۆنێك بەرمیل نەوتی ڕژاندە کێداوی عەرەبییەوە, لە کەی 1080 بیرە نەوتی کوێیتی 727 بیرە نەوتی تەقاندەوە, 128 پڵۆ نەوتی گەورە کێداوی عەرەبی داپشی, بەمەش گەورەترین تاوانی ژینگەیی لە مێژوودا ئەنجامدا.
لە 4ی ئازار لەناو بیابانەکانی سەفوان لە سنوری سعودیە, بە سواری زرپۆشی ئەمەریکی, شاندی عێراقی چوونە ناو خەمڵی سەفوانەوە, عێراق بە فەرمی لەژێر خەمەکێدا تەسلیم بوو, ئەمەش سەرەتای مێژوویەکی نوێی جیهان بوو لەناو سیاسییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن پێی وترا سستەمی نوێی جیهانی, ئەمەریکا لە ڕێگەی ئەو خەمیاوە بووە تاکە جەمسەری جیهان, لەناو ئەو چۆڵە دوکەڵ و قەسابخانەیە نیولیبرالیزم و بادەستی تاقانەی ئەمەریکا لە دایك بوو, لە ژێر ئەو خەمیە نزمەکی تازەی جیهانی لە دایك بوو ئەمەریکا تیایدا بووە کۆگای بە هێزی جیهان, لە بەرامبەر ئەم خەبەدستەوە دانەی عێراق هێزی ئاسمانییەکەی دەستکراوە کرا لە لەدانی خێپیشاندەرانی باشووری عێراق. لەو سەرو بەندەدا هێزەکانی هاوپەیمانی ئامادە نەبوون پێشوازی لە نوێنەری خێپیشاندەرانی باشوور بکەن, هەکارەکێشی باڵا دەستی ئاراستەی ئیسلامی سیاسی بوو لە ڕاپەڕینەکیان. لە دوایدا لە ساڵی 2003 ئەمەریکا ئەو ژەهرەی بە ناچاری نێش کردو عێراقی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکێشیان کردەوە, بە مەش لە قەتیگاکان زیاتر تۆڵەی لە خەڵکی عێراق کردەوە, وەاتی بەرەو جەهەنەمی ترسناکتر لەوەی سەدام بردەوە.

ڕاپەڕینی باشووری عێراق

لە 28ی شوباتەوە, شاری بەسرە جمەی دەت, چ لە ئەو سەربازانەی بە ساغی و بە بریندداری لە ریزە دورو درێژەکاندا بە دوای یەك, دۆڵی مەرولەن, بە بریندداری و سیمای دوکەڵاوی چەکنەوە, بە سەری شۆڕەوە, بە سکی برسی و جەستەی تەك شکاوەوە ملی ڕێگایان بەرەو ناو عێراق گرتەتە بەر, وە چ کەسوکاری سەربازان لە هەموو عێراقەوە لە سەرسنووری کوێیتەوە تا بەسرە کۆبونەتەوە بە هەواڵپرسی

ڕێکەوتنی کانیان, لەو کاتەدا سەربازێك بە لەدانی گولەیەك بە وەنەی سەدامەوە چەخماخەی راپەڕین لەدەدات, بەدەنگی دەشلەقینە.
وەك دەگوترێنەوە لە 1ی ئازار ئەفسەرێك لە شارچکەی زوبەری سونی نشینی سەر سنوری کوەیت بە پەوە نانی گولە بە وەنەکەی سەدامەوە گەی راپەڕینی لە عێراق هەڵگیرساند, لە لایەکی دیەوە دەڵێن بەیانی زووی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 1ی ئازاری 1991 لە گەڕەپانی سەعد لە شاری بەسرە, سەربازێك کە لە شەڕی کوەیت بە دەڕاوی گەڕابوەوە, لە داخی ئەو هەموو نەهامەتیەی لە شەڕ بینیبوی, گولەیەکی نا بە وەنەکەی سەدامەوە و گەی راپەڕینی لە عێراق هەڵگیرساند, هەردووکیان لە پارێزگای بەسرا و هەمان ڕۆژ ڕویاندا. پەی دەچێت شیعەکان بەیە باسی ئەوەی زوبەر نەکەن چونکە شارەکی سونی نشینە. هەمان ڕۆژ شارەکانی بەسرەو میسان و کەربەلا کەوتە دەست خەپیشاندەران, دواتر نەجەف و کەربەلا و دیوانیەو سەماوەو حیلەو کوتیشی گرتەوە, لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی باشووری عێراق هەمووی کەوتە دەست خەپیشاندەران, تا راپەڕین گەیشتە شارەکانی عەزیزیەو مەحمودیەی ڕەخی بەغدای پایتەخت, بە گشتی راپەڕین 14 پارێزگای گرتەوە بە کوردستانیشەوە.
لە ڕەگای سنووری ئێرانەوە هێزە شیعەکانی وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە زوو هاتنە ناو عێراقەوە, بە ڕەکخستنی خەپیشاندەران, دیارە لە زووکەوە لە ژێر فەرماندەیی قەرارگای نەسری سوپای پاسداران ئامادە کرابوون.

راپەڕینی کوردستان

لە 4ی مانگ کە عێراق لە ژێر خەمەکی بیابانی سەفوان تەسلیم بوو, لە بەرامەردا گەڕپی سەوزی بە هەڵکرا بە ئەوەی راپەڕین سەرکوت بکات. لەو چرکە ساتەوە قەناغی سەرکوتکردنی راپەڕین لە باشوور دەستی پێکرد, هەمان ڕۆژ لە خەباتەوە راپەڕین گەیشتە کوردستان, ڕۆژی دواتر بە دەروازەی رانیەیا کەپەی سەند, لەرەدا دەبینین هیچ دەست پێشخەرییەك نیە بە راپەڕین لە کوردستان بگرە کات لە دوای باشووری عێراق و هەڵکردنی گەڕپی سەوزی هاوپەیمانانەوەیە بە سەرکوتکردنی راپەڕینی باشووری عێراق.
لەوکاتەدا ئێران فشارکان لەسەر هەندەك لە سەرکردەکان کورد توند دەکات تا بڕیەکی دیکە بکەنەوە فشار لەسەر هاوپەیمانەکانی لە باشووری عێراق کەمبەتەوە, نامەو هەواڵکانی ئەوکات ئاماژەی وایان تەدایە. ئەگەر راست بن و لە پشکنینی کاربەدەستانی دەرچن, لە کاتێکدا زەمینەی راپەڕین دوای ڕێکەوتنی سەفوان و دەستکراوە کردنی هێزی

ئاسمانی عێراقی بۆ سەرکوتکردنی راپەڕین لاواز بوو, وەلێ کە خەڵك ئەنجامی دا, ئیتر هێزەکانی بەرەی کوردستانی دوای کۆتن, هەرچەندە هەندێك لایەن وەك ینك, حشع, کۆمۆنیستەکان, و ..... لەدوای لەدانی عێراقەوە گیانەوە ناوخۆ لە جوڵەدا بوون.
ئەگەر راپەڕین لە کوردستان وەك باشووری عێراق سەرکوت بکرابایا بۆ دەستکۆتەکانی کەنارو, کە کرا وەلێ کەنارو مایەکی هێنایەوە, وەك هەڵبجەو ئەنفال ئەندازیارکەشی وەك تاوانکانی هەڵبجەو ئەنفال و حاجی ئۆمەران کە هەی بوو خەی دەشاردەوە, وەك ئەو تاوانانە هەتیو و بێکەس سەری دەنایەوە, کەس نەك باسی ئەندازیاری ناکرد, بگرە بەگژنامەی قولابیشیان بۆ پاکانە کردن لەی دروستە کرد.
تا ئێستا هیچ بەگژیەکی بۆاو کراوە نییە هیچ هێزکی کوردی پێش ئەو مەژووە" راپەڕینی بەسەر1-3-1991 "بانگوازی بۆ راپەڕین کردبێت, ئەوەی هەبووە جوڵەو پەیوەندیکردن و خۆ ڕێکخستنەوە بووە, لەو بۆ ئومێدییەی تەی کەوتبون وەك خەیان وتویانە جورئەتمان نییە وەك م م بەڕین ئاش بەتاڵ., دەشێت دوای گرتنی کوێت وەك خوێن جمانی بهارانە ئومێدکیان پەیدا کردبێت لایەکیان لە بکرێتەوە, منداڵکیش بۆ کەم هەشیەی خەیەوە بایی ئەوە ژیری هەبوو, دوایی حەڤدەی جەنیوەری کە دەست بە لەدانی عیچراق کرا 1991 ئەگەڕەك بە روخانی رژێم و راپەڕین لەناو کەمەڵك ئەگەری دی دابنێ.
بە بۆای ئەوە راپەڕینەك دوای ئەم هەمووروداوە گەرم و شکستە مەزنەی سەدام هاتبێت, دەشێت ئەندازیاری هەبێت؟؟, وە ئەندازیارکەشی بە خەیان فیشەکیان نێتقاندبێت؟؟ ئازیزکیان خوێن لە لوتی نەهاتبێت؟؟؟؟؟.
هەموو کەس لە تاریك و ڕوونی شەبەقی بەیانی پێنج شەممەی ڕکەوتی 17-1-1991وە دەیزانی سەدام لە شکستێ, چاوکان دوکڵ و ئاگری فڕۆکانی هاوپەیمانانی دەبینی, گوێیکانیش گوێ بیستی تەقینەوەکان بوون, لەبان خانووکانەوە چەپڵیان بۆ لەدەرا, ئەم بیرکردنەوەیە عەقڵکی خاریقی ناویست, تەنانەت ئەوەشی سیاسەتی نەکردبوو لە ژیانیدا بۆ ئەنجامێ گەیشتبوو, جاشکانیش لەوە تێگەیشتبوون دەبوایا خەیان بۆ لایەکدا بدەن, ئاخر ئەوان ڕاستە ئاخوێیان لای رژێم بوو, بەڵام هەریەکیان کلکیان بۆ لایەنکەوە بەسترا بوو.

راپەڕین و دەستکۆتەکانی

راپەڕین تەنها دوو ساڵ و نیو دوای هەردوو تاوانی هەڵبجەو ئەنفال ئەنجامدرا, هێشتا شوێن بزر بوونی ئەنفالکراوان و کیمیابارانکردنی

هێرشبەرە لە زەینی خەڵکدا مابوو, هێشتا دوکەڵی کیمیاوی و تۆپ و تەزی روخانی گوندەکان و کوشتنی خەڵك لە بیرچاوان بوو, هێشتا خەڵك بە دوای چارەنووسی ئەنفالکراوانەوە بوون بە زیندویی, هێشتا ترس و لەرزی فەی دانە خوارەوەی هاووڵاتیان لە کەپتەرەوە لە زەین و هێشدا بوو, هاوکات دژە سەرکوتکردنی راپەڕین لە باشووری عێراق. حوسێنی زیندوو" حوسێن کامل" گولەی تانکەکەی کە نای بە حوسێنی مردووە, نیشانەی دەست نەپاراستن بوو. کوژرانی 5000 بەعسی لە راپەڕین بە کوشتنی 100 هەزار لە هاووڵاتیانی باشوور وەڕام درایەوە, ئەم دوو وێنە تراژیدیایە ئێستا و 88 خەڵکیان هاندا کەوە بکەن. لە سەرەتادا هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە ناو شاری هەولێر ڕێگری تونديان لە خەڵك کرد شار بجێ بهێڵن, ئەمە تا بەرە بیان بە ئەتەمبیلی پێ لە ژن و منداڵی جل وبەرگ ڕەشەوە, هەموو لە پرسەی شەهیدو ئەنفالدا بووین, ڕێگایان نەدا لە شار دەرچینە دەرەوە, وەڵە کە گوللەی تۆپەکان گەیشتە دەوروبەری هەولێرو ڕێگرکەران هەڕاتن, ئیتر وەك روبار جەماوەر ڕێگای خێی کردەوە, لەرشدا خوێنی ئەو خەڵکەی لەو ڕۆژدا بووونە قوربانی لە ئێستەی ئەوانیە کە ڕێگریان کرد.
خەڵك بە بیجێ هێشتنی ماڵ و شار, ئەو داستانیان خولقاند کە لە مێژوودا ناوی نرا کەوە, دوای تەنها چوار ڕۆژ, داستانی برسی و سەرما بردووەکان چووە سەر مێزی نەتەوە یەکگرتووەکان.5ی ئەپرێل بیارەکی هەشت خانەی بەناوی بیاری 688 لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو بە پاراستنی خەڵکی سڤیل, بەمەش کەوە بووە هەکاری گەانکاری بە یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا لە باشووری کوردستان. هەیجێ و ئەنفال لە کاتی خێدا نەیانتوانی کاریگەری دابنێن, بەڵام کەوە کە روحی هەیجێو ئەنفال و کاردانەوەی ئەو دوو تراژیدیایە بوو, جیهانی هەنایە دەنگ=.
راپەڕین ئەنجامی نەبوو, وەڵە شکستی راپەڕین بووە سەرکەوتن. دوو هەکاری دواتر هاتنە پێشەوە شەی کەوە و بە رادەی کەمتر ئەزمە و راپەڕینەکانی مانگی تەموزی هەمان سانی ناو شارەکان, وە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە سەرقەاو گەرمیان, هەموو ئەمانە سەرکەوتنەکانی کەوەیان جەگیرترو بەرفراوانتر کرد.
کەواتە لە راستیدا هەر ئەمەی جەماوەر ئەندازیاری راپەڕین بوبێتین, ئەوا بەشك ئەندازیاری کەوەی ملیەنی و راپەڕینی تەموزی ناو شارەکان بووین, ئەم واقعەی دروست بووە بەری ڕەنج و تەکۆشای هەموومانە, نەك بەشداربووانی کەبونەوەکانی فەیلەقی نەسر لە کرماشانو بە دەست لەدان بە هاوکاری پاشکەکانی ئێران لە باشوور جوەیان کرد.

هەموو رووداوەکان ئاوە دەرخەن, دەستپێکی راپەڕین لە عێراق و کوردستان خەرسکی بووە و ئەنجامی رق لە شکست و سەرکوت, نەك ئەنجامی نەخشە و پلانەکانی کەبونەوەکانی کرماشان.

ئایا سۆسیالیزم لە ئراندا دادەمەزرێت؟.. 3.. حەمید تەقوایی

(بەشی سێیەم)
دیمانەی حەسەن ساڵحی لەگەڵ حەمید تەقوایی لە کەناڵی ئاسمانی کەناڵ جەدید
وەرگێڕانی :کاوە عومەر

حەسەن ساڵحی: یەکێک لە خاڵە سەرکییەکانی باسەکەت لە سیمینارەکەدا شۆشی ئینتەرنێت یان شۆشی پیشەسازی چوارەم بوو. بەچی ئەم پەرسەندنە بە شۆش ناودەبەن؟ وە بەچی شۆشی چوارەم؟
حەمید تەقوایی: لە سێ سەدەی ڕابردوودا بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی چوار بەربەستی تێپەڕاندووە. داهێنانی بزوێنەری هەڵم لە کۆتایی سەدەی 18 کە لە ڕاستیدا سەرەتای شۆشی پیشەسازی و بەهێزکردنی بەرژوازی بوو، دووەم شۆشیش شۆشی کارەبایە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕووێدا، لە ساڵکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ترانسیستەر و کۆمپیوتەر داهێنران، کە بە شۆشی دیجیتاڵی ناسراوە، دواجاریش لە کۆتایی سەدەی بیستەمەوە سەرهەڵدانی وەبی جیهانی و ئینتەرنێتی بەخێوە بینی، کە پێی دەوترێت شۆشی ئایتی یان شۆشی ٤.٠ کە تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمەش شۆشکە چونکە گۆڕانکارییەکی چەنایەتی و بازدانێکی نێک تەنها لە پیشەسازی و ئابووری بەکو لە هەموو پێوەندی و پێکەوە بەستنە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە.
حەسەن ساڵحی: سەرمایەداری چەندین شۆشی تێکنەلەجی تێپەڕاندووە و ئێستاش هەر بەردەوامە. شۆشی ئینتەرنێت چ جیاوازی لە ئاوگۆڕکانی ڕابردوو؟
حەمید تەقوایی: ئەم شۆشە لە ڕووی چەنایەتییەوە لە زەر ڕووەو

جیاوازی یەکەم ئاوگەی پیشەسازییەکانی ئابردوو. جیاوازی یەکەم ئەوەیە کە ئینتەرنێت نەک تەنها مەیدانی ئابوری و بەرهەمهێنانی گەیەوە، بەڵکو تەواوی پەیوەندی و ژیانی کۆمەڵایەتی گەیەوە. بزوێنەری هەم و کارەبا لە بنەڕەتدا خاڵی وەرچەرخانێک بوون لە هەزی بەرهەمهێنانی مرۆڤدا کە کاریگەری زۆری لەسەر بارودۆخی ماددی ژیان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەموو ئینسانەکان هەبوو، بەڵام کاریگەرییەکانی شۆشەی چوارەم تەنها لە بەرهەمهێنان و خۆشگوزەرانیدا سنوردار نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا پەیوەندی و پەکەوە بەستنەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی خەڵکیان گەیەوە. خاڵکی تر ئەوەیە کە ئەم پەرەسەندنە بە خراپییەکی بە وێنە بەرەوپێش دەچێت و پەرەدەسێنێت. ئەوەی پێی دەوترێت شۆشەی ٤.٠ واتە ئەم پەرەسەندنە کۆتایی نەهاتووە و دەبێت چاوەڕێی ٤.١ و ٤.٢ و هتد بکەین. شۆشێکی بەردەوامە.

ئەم شۆشە کە بە شۆشی ئەلیکترۆنی و ئینفورماتیکیش ناودەبرێت، هەم لە ڕووی ئابووری و هەم لە ڕووی زیادبوونی سەرسوهێنەر لە هەزی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی کار و هەروەها لە ڕووی کاریگەریە سیاسی و کۆمەڵایەتییە زەبەلاحەکانییەوە، بەراورد ناکرێ بە پێناوگەکانی ئابردوو. وە بە بۆای من لە هەر زەمانێکی تر هەلومەرجی بە سیالیزمی ڕەخساندووە.

حەسەن ساڵحی: بە دیاریکراو، لەووی ئابوورییەوە تایبەتمەندیەکانی شۆشی پیشەسازی چوارەم چین؟

حەمید تەقوایی: خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئەم گەیانکارییەی هەزی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەرزڕووی زیاد دەکات. واتە گۆشکردنێک لاگەڵ بەرئەنجامی چەند لەسەدی(فراوانبوونی ئەندازەیی) و نێک زیادبوونی وردە وردە بە ڕێژەیەکی جێگیر (هێکشانی ئەندازەیی). گۆشەی هەزە بەرهەمهێنەرەکان و زیادبوونی بەرهەمهێنانی کار لە چەند دەیەی ئابردوودا چەند جین جار سەدەی ئابردوو زیاتر بووە.

بە نموونە هەرچەندە پیشەسازی ئۆتۆمبێل لە سەد ساڵی ئابردوودا وردە وردە گۆشەی کردووە، بەڵام گەیانکارییەکی چەنایەتی نەکردووە. کارەباش هەر وەک خۆیەتی. بەڵام لە دوای داهێنانی ترانسیستەر و شۆشی دیجیتاڵی لە نیو سەدەی ئابردوو تا ئەمڕۆ، هەم بەی میمەری و هەم خراپی حیساباتی کۆمپیوتەر هەر دوو ساڵ و نیو جارێک دوو هێندە زیادی کردووە. واتە هەر دە ساڵ جارێک ٣٢ جار! ئەم جارە گۆشکردنە جێگەی سەرسوڕمان و بە وێنەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەزی بەرهەمهێنان لەو بوارانەی کە کۆمپیوتەر و ڕەبەت بەکاردەهێنن (نزیکەی هەموو بوارەکان) دەتوانێت بەو پێیە زیاد بکات.

ئەمە ئەم پشکۆتنە بە تایبەتی لە پیشەسازییەکانی کۆمپیوتەر و

ئەلیکترۆنیدا دەبینین (وەک هەبەت، مۆبایلە زیرەکەکان، تەلەفزیۆنی زیرەک، تابلێت، ئامێری دەنگی، بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مۆسیقا، فۆتۆگرافی و ڤیدیۆگرافی و هتد). یەکێم کۆمپیوتەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کەشی دەیان تەن بوو و تەنها لە پیشەسازیە گەورەکان و هەندێک زانکۆ و کاروباری حکومەتدا بەکاردەهێنرا. لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ساڵدا کۆمپیوتەری سەر مێزمان هەبوو کە دەیان هێندە زیاتر مەمووری و هێزی کۆمپیوتەریان هەبوو. وە ئەمڕۆ هێزی مۆبایلە زیرەکەکان کە لە ڕاستیدا کۆمپیوتەری گیرفانن، زۆر زیاترە لە گەورەترین و بەهێزترین کۆمپیوتەرەکانی بیست ساڵ لەمەوبەر. ئەمە لە کیلۆبایتەوە بۆ تێرابایت و لە کیلۆهێرتزەوە بۆ گیگاهێرتز. هاوکات نرخی بەرهەمە ئەلیکترۆنیەکان بەردەوام لە دابەزیندایە.

ئەم پەرەسەندنە تەنیا لە پیشەسازی ئەلیکترۆنیدا سنووردار نییە. ئەم گەشەکردنە خێرایە لە پیشەسازیەکانیشدا دەبینرێت کە کۆمپیوتەر و هەبەتیان بەکارهێناوە. لە ساڵی ٢٠١٤ ئامارێک باوکرایەوە کە دەریخستووە "ئینسانەکان لەو کاتەوەی بە یارمەتی هەبەت کاردەکەن بۆ هەژدەی ٨٥% کارامەتر بوون لەو کاتەی کە بەبێ هەبەت کاریان دەکرد". ئەمەش بۆ واتای زیادبوونی ٨٥٪ هێزی بەرهەمهێنان دێت. ئەم گەشەکردنە بۆ مانایەیە کە هێزی کار دەتوانێت بۆ هەژدەی ٨٥٪کەم بکاتەوە، بەڵام هەژدەی بەرهەمهێنان وەک پێشوو دەبێت. لە سیستەمی سەرمایەداریدا بگومان سەعاتەکانی کارکردن کەم ناکەنەوە، بۆ زیادکردنی هەژدەی قازانج و بەهرەکێشی خەڵک کارەکانیان دەردەکەن! بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە ئۆگاری پاراستنی قەبارەی بەرهەمهێنان هەیە لەگەڵ ئۆگاری کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردن بۆ کەمتر لە ٤ کاتژمێر لە هەژدەکدا. ئامارێکی دیکە باوکراوەتەوە کە دەریدەخات لە پیشەسازی ئۆتۆمبێل لە ئەمریکا، دوای بەکارهێنانی هەبەت، هێزی بەرهەمهێنانی ساڵانە بۆ هەژدەی ٣.٣٪ زیادیکردووە. واتە هەر ١٠ ساڵ جارێک هێزی بەرهەمهێنان دوو هێندە زیاد دەکات! لە ساڵی ٢٠١٣ دەسەڵاتدارانی چین ڕایگەیاند کە هەژدەی گەشەی پیشەسازی هەبەت لەم وڵاتەدا زیاتر لە ١٠٪ بووە لە ساڵەکدا. واتە گەشەی ئەم پیشەسازیە بۆ هەژدەی زیاتر لە ١٠٠٪لە دەیەی ڕابردووداە.

کاریگەریەکی دیکەی گرنگی شەشی چوارەم، ئیمکانیات و گەشەکردنی بەرهەمە تاکەکەسیەکان (پیشەسازیەکانی ناوخۆ) بۆ بەکارهێنانی سەشیال میدیایە. بەشێکی گەورەی کەمگۆ توانیویەتی بەرهەم و خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، کە لە هەگەی کارکردن لەگەڵ کۆمپیوتەرەوە مەیسەر بووە، لە سەشیال میدیادا. هەر لە

بەرگدروویەوە بە فەرکردنی زمان و مۆسیقا، هاوڕێکاری دادوەری و یاسایی، تا دەگاتە فڕۆشتنی بەرهەمی دەستی، تا دەگاتە چاککردنەوەی کەرەستەی ناوماڵ و هتد.. لەم بوارەدا بەتایبەت شەوازی بەرهەمهێنانی زیادە (additive manufacturing)
بە یارمەتی ئامێری چاپی سێ ڕەهەندی3D Printers
پڕینتەری سێ ڕەهەندی گەورەتر و ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆر لە بەرهەمهێنانی بەرهەمەکاندا پێکهێناوە. ئەم ئامێرانە دەتوانن لەسەر بنەمای بەرنامەی کۆمپیوتەر یان ئەپی تایبەت کاربکەن و کەرەستەی خاوی هاتوو خۆیان بگۆڕن بە بەرهەمی جۆراوجۆر، لە کڵۆپاڵی پلاستیکییەوە بە کڵۆپاڵی دار و کانزا و هتد. ئەم بەرهەمانە بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بە چاپکەرەکان دراوە بە سەرپەرشتی تەنها یەک کەس و بە وردی ملیمەتر کاردەکەن. بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە لە بەرهەمهێنانی ماڵەوە و تەنانەت لە کارگەکاندا بە خێرایی زیاد دەکات.
لە شەشە پێشسازییەکانی هابردووداو ئەم خێراییە غەڵ ئاسا و بەپەلەیەمان لە زیادکردنی بەرهەمهێنان و هەزی بەرهەمهێنانداو نەبوو. ئەم پەرسەندنە بەو مانایەیە کە ئۆگەرەکی بابەتیانە هەیە بە بەرهەمهێنانی بەرهەم بە دابینکردنی پێداویستییەکانی جەماوەرێکی زۆری خەڵک بە چەند سەعاتێکی کەم لەکاتی کارکردن لە ئەمەداو. ئەمە ئەم پێشکەوتنانە خێیان لە سامانی فەلەکیی نوخبەی دەسەاتداردا دەردەخەن (بەپێی زانیارییەکانی ئێکسفام، لە سەردەمی پێتای کەرەنادا، کەی سامانی دە لە ملیاردەر سەرکییەکانی جیهان زیاتر لە دوو هێندە زیادیکردووە)، لە کاتێکدا لە هووی بابەتییەوە تەواو ئۆگەری ئەوە هەیە کە بوونە خەراکردنی هەزی بەرهەمهێنانی ئینسان دەبە وەربگەڕێت بە کەمکردنەوەی بە وێنەی کاتەکانی کارکردن و باشترکردنی دەستبەجێی ئاستی خۆشگوزەرانی گشتی خەڵک. ئەمە ئەم ئۆگەرە بە کردەوە لەتوانادایە، لە کاتێکدا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر وا نەبوو. شەشی دیجیتاڵی و شەشی ئینتەرنێت وایکردووە کەئەم کارە لەتوانادا بێت.
